

# ئاشتی و لێبورین و هەڤدو قەبویلکرن ئارمانجا لیستا کوردستانی یە



## تونێلی پێشڕەو لە سلێمانی کرایەوە

**خەبات / ن / سلێمانی / نەبەز محەمەد شکور:** بە ئامادەبوونی د. بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ و عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆک حکوومەتی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی ئێران لە ئێراق و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومی و حیزبی ناوچەکە و هاووڵاتیان، پێشنیوەڕۆی دوێنێ لە چیای ئەزمەڕ تونێلی (پێشڕەو) کرایەوە کە بە کردنەوەی ئەم تونێلە سەرەڕای خزمەتێکی زۆرە بە هاووڵاتیان، هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ناوچەیەدا، لە مەراسیمەکەدا دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح ڕایگەیاند ئەم پڕۆژەیە یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی حکوومەتی کوردستان کە لە کابینەی 5 دا ئەنجام دراوە و بە گەورەترین پڕۆژەش سەیر دەکرێت، ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد "هیوادارم بۆ لەمەودوواش حکوومەتی کوردستان هەروەک چۆن هەمیشە هەوڵی داوە پڕۆژەی گرنگی هاوشێوە ئەنجام بدات و کردووشیەتی ئاوها بەردەوام بێت".

پڕۆژەی تونێلی پێشڕەو کە ناسراوە بە تونێلی ئەزمەڕ ناوچەی شارباژێڕ بە شاری سلێمانی دەبەستێتەوە و بڕی 18 ملیۆن دۆلاری لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە بۆ تەرخان کراوە و 3 ملیار دینار بۆ بەستنەوەی ڕێگا سەرەکییەکان بووە بۆ تونێلەکە و درێژیی ئەو تونێلەش 3390م دەبێت و 15 کم شاخاوی سەخت کورت دەکاتەوە بۆ 8کم ڕێک و تەخت، ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی 2004 دەست کراوە بە ئیشکردن تێیدا "شایەنی باسە ناوناوی ئەو تونێلە بەناوی تونێلی پێشڕەو وەک وەفایەک بۆ ئەندازیار پێشڕەو کە لە میانی دروست کردنی تونێلەکەدا گیانی لە دەست داوە".



## فەرمانگەی کارەبای چوارتا چەند پڕۆژەیەکی گەیاندنی کارەبا لە ناوچەکە جێبەجێ دەکات

**خەبات/ دونیا سەنگاوی/ چوارتا:** لەچوارچێوەی کارو چالاکییە بەردەوامەکانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی، فەرمانگەی کارەبای قەزای چوارتا کۆتاییان بەکاری چەند پڕۆژەیەک هێنا کە پێکهاتبوون لە : چاکسازی تۆڕی کارەبای چوارتا و دانانی تۆڕی نوێ بۆ کەناروێ وگەیاندنی کارەبا بۆ گەڕەکی( سەربەڕۆژ) لەگەڵ دانانی محەویلەی نوێ بۆ سیتەک کە سەرجەمیان بەبڕی (138) ملیۆن دینار بەئەنجام گەیەنراون.

هەروەها لەماوەی چەند مانگی ڕابردووشدا دوو فیدەری نوێ دەرکراون لە قەڵاچوالانەوە بۆ (کەناروێ و سیتەک)، هەروەها ڕاکێشان وگەیاندنی کارەبا بۆ ناحیەی (زەڵان) وناحیەی (سیوەیل) و ناحیەی (گاپیلۆن) گوندی( هەرمن) و گوندی(نۆدێ)، هەروەها نۆژەنکردنەوەی هێڵی (kva) لەسنووری فەرمانگەدا تێچوی ئەم پڕۆژانەش لەلایەن بەڕێوەبەرێتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانییەوە دابینکراوە کەدەگاتە نزیکەی (2،663،073،000) دینار .

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەماوەی دووساڵی ڕابردوویدا چەند پڕۆژەیەکی گەورەو گرنگیان لەقەزای چوارتا بە ئەنجام گەیاندووە لەوانەش : دانانی وێستگەیەکی نوێی (27 kva) بەبڕی (1) ملیۆن دۆلار، هەروەها دانانی وێستگەیەکی تری (10) مێگا واتی لەڕێگەی مولیدەی (صقر) ەوە بەبڕی (55) ملیۆن دینار، لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی بینایەی فەرمانگەی نوێی چوارتا بە بڕی (406) ملیۆن دینار .

## پارێزگاری هەولێر بەرنامەی قیرتاوکردنەوەی چینی بایندەری دەیان شەقامی گەڕەکی بەهار بەسەر دەکا

بە مەبەستی ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کار و پڕۆژەکانی پایتەخت، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە یاوەری سدقی زراری سەرۆکی شارەوانی هەولێر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دامودەزگاکان، بەرنامەی قیرتاوکردنی چینی دووەمینی بایندەری شەقامە سەرەکی و نێو خۆییەکانی گەڕەکی بەهاری لە سنووری شارەوانی شەشی هەولێر بەسەر کردەوە کە 65 شەقامی ئەو گەڕەکە دەگرێتەوە.

پارێزگاری هەولێر وێڕای جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامی کاروپڕۆژەکانی حکومەت و بەتایبەتیش بەرنامەی قیرتاوکردنی ئەو شەقامانەی کە تەواوکراون و ئەوانەی کە پێویستیان بە دووبارە قیرتاوکردنەوەی بایندەر هەیە، دەستخۆشی لە کارمەندان و ستافەکانی تەکنیکی شارەوانی هەولێر کرد بۆ ئەو هەڵمەتە هاوبەشەیان لەگەڵ ڕێگەوبانی هەولێر بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی قیرتاوکردنی ئەمساڵ کە پتر لە سێ ملیۆن مەتری دووجایە و ئەوەش بڕێکی یەکجار زۆری قیرتاوکردنە کە لە ماوەی چەند مانگێکدا جێبەجێ بکرێت.

بەسەر لە نوێ قیرتاوکردنەوەی شەقامەکانی گەڕەکی بەهاریش کە لە گەڕەکە میلیەکانی شاری هەولێرە، ڕوخسارێکی شارستانی تر و جوانتر دەبەخشێتە ئەو سنوورە کە ئاستی خزمەتگوزارییەکانیان ئێستا زۆر بەرەو پێشوەچوونی بەخۆوە دیوە.

## شاندێکی ئەنجوومەنی نەتەوەی کلدان سەردانی مەکتەبی ناوەندی پەیوەندیی نیشتمانی و کوردستانی دەکەن

دوێنێ سەلاح دەلۆ بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی نیشتمانی و کوردستانی پارتی بە ئامادەبوونی سەربەست جەمال ئەندامی مەکتەب، لە بارەگای مەکتەب پێشوازیان کرد لە زیاپوترس سەرۆکی ئەنجوومەنی نەتەوەی کلدان، لە دانیشتنێکدا باسی دوا پێشهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێراق کرا و جەخت لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکانی 25 ی تەمموز و ریفراندۆم لەسەر ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی هەموو پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان لەو ڕووداوە مێژوویی و پڕ بایەخەی کە گوزارشت لە ماف و ئازادیەکانی هەمووان دەکات.

لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان و هاوکاریکردنی هەموو لایەک بۆ بەرەو پێشبردنی دیموکراسی و پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستاندا کردەوە.

## یاداشتێکی لێکگەیشتن لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و 4 کۆمپانیای تایبەت بە دامەزراندنی 1600 خانووی دیکەی پلاستیکی ئیمزاکرا

دوا بە دوای سەرکەوتنی پڕۆژەکانی خانووی پلاستیک لە هەرێمی کوردستان کە وەزارەتی کشتوکاڵ لەم دوو ساڵەی ڕابردوودائەرکی بە ئاکام گەیاندنی ئەنجام دا، ئارەزووی دامەزراندنی ئەم خانووانە لە لای جووتیاران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات، جا بە مەبەستی هاندانیان و زیاتر فراوانکردنی پڕۆژەکە، دوێنێ لە دیوانی وەزارەت یاداشتی لە یەک گەیشتن لە نێوان عەبدولعەزیز تەیب وەزیری کشتوکاڵ و نوێنەری هەر چوار کۆمپانیای ئەرزو لالۆو گرین هاوس و دەبانە مۆر کرا بە ئامادە بوونی بەڕێوەبەری گشتی پلان لە دیوانی وەزارەت، مەبەستیش لەم یاداشتە ئەوەیە کە ئەم کۆمپانیانە ئەرکی دابەشکردن و دانانی (20) خانووی پلاستیک بۆ هەر جوتیارێک بە کۆمەڵ لە ئەستۆ دەگرێت بە شێوەیەک لە هەر پارێزگایەکی کوردستان 20 جوتیار دەست نیشان دەکرێت لە ئەنجامدا 400 خانوو بۆ هەر پارێزگایەک و کۆی گشتی دەکاتە 1600 خانووی پلاستیک، سەبارەت بە تێچووی ئەم خانووانەش بانکی کشتوکاڵ 60% لەسەر ئەرکی کۆمپانیاکە دەبێت کە بە دوو وەرز لە ماوەی ساڵێکدا دەیداتەوە بە کۆمپانیاکە. وەزیری کشتوکاڵ دوا بە دوای مۆرکرنی یاداشتەکە ڕوونیکردەوە کە ئەم هەنگاوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و جەختیشی کردەوە کە کۆمپانیاکان پەلە بکەن لەم پڕۆژەیە، بەڵام نەک لەسەر حسابی جۆری بێت، هاوکات ئاماژەی بەوەکرد کە لێژنەی بەدواداچوون لەلایەن وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکان بەردەوام بەدواداچوون بۆ ئەم پڕۆژەیە دەکات و گرنگ ئەوەیە کۆمپانیاکە کاری خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری کشتوکاڵ بە یاوەری بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ و بەیتەرە سەردانی پڕۆژەیەکی پەلەوەریان لە گوندی قوچە بلباس لە باشووری هەولێر کرد، کە ئەزموونێکی تازەیە لە لایەن دکتۆر حوسێن تاهیر پزیشکی ڤێتەر نەری دوای ئەوەی کە سەردانی هیندستانی کردووە جێبەجێ دەکرێت، ئەم پڕۆژەیەش بریتییە لە هۆڵێکی کراوە بۆ بەخێوکردنی مریشک کە پێویستی بە کارەبا و نەوت نییە لە هەموو وەرزێکی ساڵدا، ئەم پڕۆژەیە بڕی تێچوونی کەمترە لە هۆڵی داخراو کە ئێستا لەلایەن خاوەن پڕۆژەکانی دیکە ئەنجام دەدرێت، وەزیری کشتوکاڵ وێڕای دەست خۆشی کردن لە خاوەنی پڕۆژەکە هیوای خواست سەرکەوتن بەدەست بێنێت و ببێتە هۆکارێک بۆ بووژانەوەی ئەم کەرتە گرنگە.

## وەزارەتی ژینگە سیمینارێک سەبارەت بە پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان ساز دەکات

بە مەبەستی خستنەڕووی ڕاپۆرت و توێژینەوەی تایبەت بە پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان، دوێنێ بە ئامادەبوونی دارا محەمەد ئەمین وەزیری ژینگە و تەحسین قادر وەزیری سەرچاوەکانی ئاو و جۆرج مەنسور وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەندامانی ئەنجوومەنی پاراستنی ژینگە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هۆشیاری و ڕاگەیاندنی وەزارەتی ژینگە سیمینارێکی بۆ خاتوو "مایا فنت" ساز کرد کە تایبەت بوو بە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە هۆکارەکانی پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان و چۆنیەتی چارەسەری ئەو کێشەیە.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا وەزیری ژینگە وتەیەکی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد و تێیدا باسی لە گرفتی پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان کرد کە ساڵی پار بەو هۆیەوە بڕێکی زۆر لە ماسی ئەو دەریاچەیە لەناوچوون، لە وتەکەیدا دارا محەمەد ئەمین ئاماژەی بەوەدا وەزارەتی ژینگە بە مەبەستی دۆزینەوەی هۆکاری پیسبوونەکە و دانانی پلان و ڕێگا چارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی لیژنەیەکی پێکهێنا و بە هاوکاری زانکۆکانی کوردستان و ڕێکخراوی سرووشتی ئێراقی بە دواداچوونێکی مەیدانی ئەنجامدا و ئەم سیمینارەی ئەمڕۆش بەرهەمی ئەو بەدواداچوونەیە کە خاتوو مایا فنت دیراسەیەکی وردی لەسەر کردووە.

دواتریش بابەتی سیمینارەکە لەلایەن دکتۆر عەزام عەلوش سەرۆکی ڕێکخراوی سرووشتی ئێراقەوە بۆ ئامادەبووان خرایەڕوو ئاماژەی بەوەدا کە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان و تیاچوونی ژمارەیەکی زۆری ماسی ئەو دەریاچەیە بە ئامادەبوونی وەزیری ژینگە و وەزیری تەندروستی یەکەم کۆبوونەوەی لە وەزارەتی ژینگە سازکرا، سەرەتا تیمێک سەردانی دەریاچەی دەربەندیخانی کرد و ئەوکاتە هۆکاری دروستبوونی کێشەکە نەدەزانرا هەر بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەو بارەیەوە زانرا کە هەموو دەریاچەی دەربەندیخان بگرێتەوە نەک تەنها ئەو ناوچەیەی کە کێشەکەی لێیە تا زانیاری پێویست دەربارەی کێشەکە کۆ بکرێتەوە.

توێژینەوەکە چوار تەوەرەی سەرەکی لە خۆ گرتبوو ئەوانیش هۆکارەکانی پیسبوون و لەناوچوونی ماسییەکان و ڕەوشی ژینگەیی ناوچەکە و چۆنیەتی چارەسەرکردن و دانانی پلانێکی گونجاو بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی.

سەرۆکی ڕێکخراوی سرووشتی ئێراق باسی لەوەش کرد بەهۆی ئەوەی دووبەشی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان لە نێو سنووری ئێراندایە و بەشێکی لە هەرێمی کوردستاندایە پێویست بە هاوکاری ئێران دەکات.

تێکەڵبوونی ئاوەڕۆی شاری سلێمانی لەگەڵ ئاوی تانجەڕۆ و سوتاندنی زبڵ و خاشاک و وشکە ساڵی لەو هۆکارانەیە کە کاریگەری لەسەر پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان هەیە.

لە کۆتاییشدا ئاماژەی بەوەدا ئەم کێشیە تەنها پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە چونکە ئاوی بەشێک لە ناوچەکانی ئێراق لەسەر ئەو دەریاچەییە و بەمەش کێشەی هەموو ئێراقە و پێویست دەکات بخرێتە بەرنامەی ساڵی داهاتووی حکوومەتی ئێراقەوە تا بودجەی بۆ تەرخان بکات.

دواتریش ئامادەبووان تێبینی پرسیار و پێشنیازی خۆیان خستە ڕوو، هەریەک لە وەزیری سەرچاوەکانی ئاو و ژینگە وەڵامی پرسیارەکانیان دانەوە و ئەوەیان خستە ڕوو کە وەزارەتە پەیوەندارەکان ئامادەکاری تەواو دەکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە.

## ئاگادارییەک لە وەزارەتی شەهیدانەوە

ئاگاداری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ئەوانەی ناویان بۆ حەج دەرچووە دەکەینەوە، کە لە ڕێکەوتی 2009/7/5 سەردانی بەڕێوەبەرایەتی حەج لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگاکان بکەن، ئەوانەی دانیشتووی شاری کەرکوکن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی حەج بکەن لە کەلار بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، بە پێچەوانەوە خۆیان بەرپرسیار دەبن لە کاتی ئامادەنەبوونیان و لە دەستدانی مافی سەفەرکردنیان.

تێبینی / پێویستە ئەم پێداویستیانە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن:

1 - 3600000 سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار.
2 - ڕەگەزنامە و باری شارستانی و پسولەی خۆراک.
3 - شەش وێنەی ڕەنگاوڕەنگ
4 - پاسپۆرتی G ئەگەر هەیبێ.

## ساڵی داهاتوو پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندنی کۆلێژی دەرمانسازی زانکۆکانی کوردستان دەگۆڕدرێت بۆ ستانداردی جیهانی

دوێنێ بە ئامادەبوونی د. ئیدریس هادی ساڵح وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ڕاگر و ژمارەیەک لە مامۆستا و پسپۆڕانی کۆلێژی دەرمانسازی زانکۆی هەولێری پزیشکی و سلێمانی و دهۆک، سیمینارێک بۆ پرۆفیسۆر (ئەنردیو ویبستر) پسپۆڕ لە بواری دەرمانسازی لە زانکۆی بیلمۆنتی ئەمەریکی دەربارەی چۆنیەتی گۆڕینی پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندنی کۆلێژەکانی دەرمانسازی لە زانکۆکانی کوردستان لە سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەددین بەڕێوەچوو.

ئەم هەنگاوەش لە پێناو گۆڕینی پڕۆگرامی خوێندنە کە بۆ ساڵی خوێندنی 2009 – 2010 پڕۆگرامێکی تازە بۆ کۆلێژی دەرمانسازی دادەنرێت و سیستەمی کاتژمێری پەیڕەو دەکرێت و لە سەرەتای مانگی 10 ئەمساڵ کۆنفرانسێکی زانستی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە بە بەشداری پسپۆڕانی ئەم بوارە لەناو خۆو دەرەوە ئەنجام دەدرێت و بانگهێشتی پسپۆڕانی دەرەوە دەکرێت بۆ سازکردنی وۆرک شۆپ و سیمینار و ناردنی مامۆستایانی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوە بۆ بینینی خولی ڕاهێنان و تازە کردنەوەی زانیاری و ئاشنا بوون بە ئەزموونی زانستی وڵاتان.

وەزیری خوێندنی باڵا لەم سیمینارەدا ئاماژەی بە گرنگی ئەنجامدانی ئەم سیمینارە کرد و ئاماژەی دا کە بواری دەرمانسازی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە ئێستاوە کار دەکرێت تا ساڵی داهاتوو پڕۆگرامی خوێندنی کۆلێژی دەرمانسازی لە گشت زانکۆکانی کوردستان بگۆڕدرێت و لەسەر شێوازی ستانداردی جیهانی ئەمەش دەسکەوتێکی دیکەی وەزارەتی خوێندنی باڵایە کە زانکۆکانی کوردستان دەگەیەنێتە زانکۆکانی جیهان.

جێی ئاماژە پێدانە هاتنی پرۆفیسۆر (ئەنردیو ویبستر) بۆ کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای کوردستان و زانکۆی ئەپالاکیانی ئەمریکیە بۆ گۆڕین و پەرەپێدانی پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندنی کۆلێژ و پەیمانگاکانی کوردستان.

## پرسە و سەرەخۆشی

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**
**هەڤالی بەڕێز کاک ئەژی گۆران**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادەکەتان دەکەین، خوای گەورە سەبووریتان بدا و خوا لێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

**انا لله و انا اليه راجعون**

**مەکتەبی سیاسی**

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**
**برای بەڕێز کاک رزگار ئەژی گۆران**
**سڵاوی خواتان لێ بێت**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوا لێخۆشبوو دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت

پرسە و سەرەخۆشی لە خۆتان و خانەوادە بەڕێزەکەتان و گشت خزم و دۆستانتان دەکەین.

لە خوای گەورە داواکارین گیانی خوالێخشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبوریتان پێ ببەخشێ و ئەمە دوا کۆستی خانەوادەکەتان بێت.

**انا لله و انا اليه راجعون**

**مەکتەبی سەرۆک**

**بۆ کاک رزگار ئەژی گۆران**

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، بۆیە بە ناوی سەرنووسەرو سەرجەم ستافی خەباتەوە سەرەخۆشی لە خۆت و خانەوادەکەتان دەکەین و لە خوداش داواکارین ڕەحمەتی بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**انا لله و انا اليه راجعون**

**خەبات**

## لاوانی شەقڵاوە دەنگ بە سەرۆک بارزانی دەدەن

**خەبات ڕەنجبەر عەلی/ شەقڵاوە:** لە پێناو پشتگیریکردن لەسەرخستنی لیستی کوردستانی و هەڵبژاردنی سەرۆک بارزانی هاووڵاتی کەمال کاوانی لەسەر ئەرکی خۆی وێنەیەکی گەورە و نایابی سەرۆک بارزانی لە دەروازەی شاری شەقڵاوە کردە دیاری و ئاهەنگێکی جەماوەری فراوانی سازکرد تیایدا ئاپۆڕای جەماوەر لە شەقڵاوە و دەوروبەری بە شێوەیەکی کەرنەڤال و ڕێپێوان بەشدارییان تێدا کرد. لە ئاهەنگەکەدا کە مامۆستا محەمەد مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 24ی سەفین و شاندی مەڵبەندی 18ی شەقڵاوە ئامادەبوون، سەرەتا لە نێو چەپڵەڕێزاندا هەزاران گەنج و لاوی ناوچەکە، پەردە لەسەر وێنەی سەرۆک بارزانی لادرا و بە هەزاران کەس بە دروشمی (فەخرت پێدەکەین تۆ سەرۆکمان بی) بەشداریان کرد و پاشان هاووڵاتی کەمال کاوانی لە وتەیەکدا ڕایگەیاند وەک ڕێزگرتن لە مێژووی پڕ لە خەباتی کاک مسعود بارزانی ئەو ئاهەنگەی ساز کردووە و داوای لە بەشداربووان کرد کە بۆ زامنکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد دەنگ بە بارزانی بدەن و لیستی کوردستانی هەڵبژێرن. ئینجا محەمەد مەلا قادر و بڵند ئیسماعیل لە دوو وتاردا سوپاسی هەڵوێستی جەماوەریان کرد کە بە گیانێکی کوردانە و خۆبەخشانە هەموو هەوڵ و توانایەکیان بۆ سەرکەوتنی لیستی کوردستانی و سەرۆک بارزانی تەرخان کردووە و ئاماژەیان بەوە کرد کە هەڵبژاردنی سەرۆک بارزانی و لیستی کوردستانی، سەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوەی کوردە.

شایانی باسە بە گۆرانی و هەڵپەڕکێی ئامادەبووان و بە وتنەوەی دروشمی (دەنگ بۆ لیستی کوردستانی، هەڵدەبژێرین بارزانی) ئاهەنگەکە تاکو شەوێکی درەنگ درێژەی کێشا.

## دەڤەری قەزای خەبات لە 95% دەنگ بە سەرۆک بارزانی دەدەن

**خەبات: سەید مەجید بەرزنجی:** دوێنێ کاکەمین نەجار بەرپرسی لقی 16 بە یاوەری شاندێکی لق دەڤەری قەزای خەباتیان بەسەر کردەوە لە یەکەم وێستگەی سەردانی بارەگای لیژنەی ناوچەی خەباتی پارتی کرد جەماوەری خەبات و لە نێو دروشمەکانی لیستی کوردستانی و پشتوانیان بۆ سەرۆکی هەرێم، پێشوازیان لە هەڤالانی لقی 16ی پارتی کرد. لە هۆڵی ناوچە کۆڕێکی جەماوەری فراوانی بەڕێوە برد کە تێیدا بەرپرسانی ئیداری قەزای خەبات ئامادە ببوون. کۆڕگێڕ وێڕای شیکردنەوەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بە تێر و تەسەلی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک بارزانی ڕوونکردەوە و ڕێکەوتنامەی ستراتیژی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتیمان کە لە پێناو بەرژەوەندی باڵاکانی کوردستانە و لیستی کوردستانی کە لیستی خوێنی شەهیدان و ئاوەدانی و نوێبوونەوەیە پێویستە کار لە پێناو ئازادییەکان بکەین و داوای لە هەوادارانی پارتیمان کرد بە پڕۆپاگەندەی هیچ لیستێک نیگەران نەبن.

ئەوەی جێی وەبیرهێنانەوەیە دانیشتوانی قەزای خەبات کە زیاتر لە 26 هەزار کەس بەشداری دەنگدان دەکەن لە 95% دەنگ بە سەرۆک بارزانی دەدەن لە 90% دەنگ بە لیستی کوردستانی دەدەن.